# ڕیسوابوونی یوسف

پەیدابوون ٣٧-٣٩

لە وانەی ڕابردووماندا، دەربارەی پێغەمبەری خودا یاقوب فێربووین، کە نەوەی ئیبراهیم بوو. خوێندمانەوە چۆن خودا ناوێکی نوێی پێ بەخشی: ئیسرائیل. یاقوب بەمانای هەڵخەڵەتێنەر دێت، بەڵام ئیسرائیل بەمانای کۆڵنەدان لەگەڵ خودا. ئەوا یاقوب دوو ناوی هەبوو: یاقوب و ئیسرائیل. ئیسرائیل هەروەها ناوی ئەو گەلە نوێیەیە، کەوا خودا بەڵێنی درووست کردنی دابوو لە نەوەی ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب. یاقوب دوازدە کوڕی هەبوو. لەم دوازدە کوڕەوە گەلی ئیسرائیل هەڵساوە — ئەو گەلەی کە ڕزگاری دەرەکەی لێوە دێت.

ناوی هەر دوازدە کوڕەکەی یاقوب دەزانی؟ ناویان: ڕەئوبێن، نۆبەرەکەی یاقوب، شیمۆن، لێڤی، یەهودا، یەسساکار، زەبولون، یوسف، بنیامین، دان، نەفتالی، گاد و ئەشیر.

ئێستاش دەس بە چیرۆکی دڵ ڕفێنی کوڕەکانی یاقوب دەکەین — بەتایبەتی ئەوەی ناوی یوسف بوو، کەوا یازدەمین کوڕ بوو. ئێستاش با بچینە ناو چیرۆکە سەرسوڕهێنەرەکەی یوسف!

لە تەورات، لە سیپارەی پەیدابوون دەخوێنین، بەشی سی و حەفت. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ:

(پەیدابوون ٣٧) ٢ ئەمانەش نەوەکانی یاقوبن. یوسف کە تەمەنی حەڤدە ساڵان بوو، شوانی مەڕەکانی دەکرد لەگەڵ براکانیدا...
یوسف بوختانە خراپەکانی ئەمانی بە باوکی ڕاگەیاند. ٣ ئیسرائیلیش یوسفی لە هەموو کوڕەکانی دیکەی خۆشتر ویست، چونکە ئەو
منداڵەی لە پیریدا ببوو، کەوایەکی درێژی ڕەنگینیشی بۆ دروست کرد. ٤ کە براکانی بینییان باوکیان ئەوی لە هەموو براکانی خۆشتر
دەوێت، ڕقیان لێ بووەوە و سڵاویان لێ نەکرد.
٥ یوسف خەونێکی بینی و بۆ براکانی گێڕایەوە، ئیتر زیاتر ڕقیان لێی بووەوە. ٦ پێی وتن: (گوێ لەم خەونە بگرن کە دیوومە، ٧ ئەوا
خەریکی چەپک بەستن بووین لە کێڵگەدا، لەناکاو چەپکەکەی من ڕاست بووەوە و وەستا، چەپکەکانی ئێوەش دەوریان دا و کڕنوشیان
بۆ برد.) ٨ براکانی پێیان وت: (دیارە دەبیت بە پاشا و پاشایەتیمان بەسەردا دەکەیت، یان فەرمانڕەوا و فەرمانمان پێ دەکەیت؟) ئیتر
زیاتر ڕقیان لێ بووەوە، لەبەر خەونەکانی و لەبەر قسەکانی. ٩ ئینجا خەونێکی دیکەی دی و بۆ براکانی گێڕایەوە و وتی: (ئەوەتا
خەونێکی دیکەم بینیوە، ئەوەتا خۆر و مانگ و یانزە ئەستێرە کڕنوشیان بۆم بردووە.) ١٠ کە ئەمەی بۆ باوکی و براکانی گێڕایەوە،
باوکی سەرزەنشتی کرد و پێی وت: (ئەمە چ خەونێکە کە تۆ بینیووتە؟ ئایا من و دایکت و براکانت بێین و کڕنوشت بۆ ببەین بۆ سەر
زەوی؟) ١١ براکانیشی حەسوودیان پێبرد، بەڵام باوکی ئەم شتەی لە دڵی خۆیدا هێشتەوە.
١٢ براکانی ڕۆیشتن بۆ لەوەڕاندنی مەڕەکانی باوکیان لە دەوروبەری شەکەم. ١٣ ئیسرائیلیش بە یوسفی وت: (ئەوە نییە براکانت لە
دەوروبەری شەکەم خەریکی لەوەڕاندنن؟ وەرە با بتنێرم بۆ لایان.) ئەویش وتی: (باشە.) ١٤ ئینجا پێی وت: (بڕۆ سەیر بکە بزانە
براکانت سەلامەتن و مەڕەکانیش سەلامەتن، وەرەوە و هەواڵم لێبگێڕەوە.) ئیتر یوسفی لە (دۆڵی حەبرۆن)ەوە نارد. کە یوسف هات
بۆ شەکەم، ١٧ پیاوەکەش وتی: (لێرە ڕۆیشتن، چونکە گوێم لێیان بوو وتیان، )با بڕۆین بۆ (دوسان).)) یوسفیش بەدوای براکانیدا
ڕۆیشت و لە دوسان دۆزینیەوە. ١٨ جا لە دوورەوە بینیان و پێش ئەوەی لێیان نزیک بێتەوە، پیلانیان بۆی دانا تا بیکوژن. ١٩ ئیتر بە
یەکتریان وت: (ئەوەتا خاوەن خەونەکان وا دێت. ٢٠ دەی با ئێستا بیکوژین و فڕێی دەینە یەکێک لەم بیرانەوە و دەشڵێین گیاندارێکی
دڕندە یوسفی خوارد. ئینجا با ببینین خەونەکانی چییان لێ دێت.) ٢١ کە ڕەئوبێن گوێی لەمە بوو، لە دەستیان فریای کەوت و وتی:
(با گیانێک نەکوژین!) ٢٢ ئینجا ڕەئوبێن پێی وتن، (خوێن مەڕێژن. فڕێی بدەنە ئەم بیرەوە کە لە چۆڵەوانیدایە و دەستی بۆ درێژ
مەکەن.) ڕەئوبێن ئەمەی وت تا لە دەستیان فریای بکەوێت و بیگەڕێنێتەوە بۆ لای باوکی.
٢٣ ئیتر کە یوسف بۆ لای براکانی هات، کەواکەیان لەبەری داڕاند، کەوا درێژە ڕەنگینەکەی لەبەری بوو، ٢٤ ئینجا بردیان و فڕێیان

دایە بیرەکەوە، بیرەکەش بەتاڵ و ئاوی تیادا نەبوو. ٢٥ دوای ئەوە دانیشتن بۆ نان خواردن، کە چاویان هەڵبڕی بینیان وا کاروانی
ئیسماعیلییەکان لە گلعادەوە دێت، وشترەکانیان بار کراون بە بەهارات و هەتووان و موڕ، دەڕۆن تا دابەزن بۆ میسر. ٢٦ ئینجا یەهودا
بە براکانی وت: (چ سوودێکی هەیە براکەی خۆمان بکوژین و خوێنەکەی بشارینەوە؟ ٢٧ وەرن با بە ئیسماعیلییەکانی بفرۆشین و
دەستی خۆمانی بۆ درێژ نەکەین، چونکە برامانە و گۆشتمانە.) براکانیشی بە قسەیان کرد. ٢٨ کاتێک کە هەندێک پیاوی میدیانی
بازرگان تێپەڕین، براکانی یوسفیان ڕاکێشا و لە بیرەکە هێنایانە دەرەوە و فرۆشتیان بە ئیسماعیلییەکان بە بیست زیو، ئەوانیش
یوسفیان هێنا بۆ میسر.

٢٩ ئینجا ڕەئوبێن گەڕایەوە بۆ لای بیرەکە و سەیری کرد یوسف لە بیرەکەدا نەبوو، ئیتر جلەکانی بەری خۆی دادڕی. ٣٠ گەڕایەوە بۆ
لای براکانی و وتی: (کوڕەکە لەوێ نەماوە! من بۆ کوێ بڕۆم؟)

٣١ ئەوانیش کەواکەی یوسفیان هێنا، سابرێنێکیان سەر بڕی و کەواکەیان لە خوێن هەڵکێشا. ٣٢ ئینجا کەوا ڕەنگینەکەیان نارد و
هێنایان بۆ باوکیان و وتیان: (ئەمەمان دۆزیوەتەوە، لێی وردبەوە و بزانە کەوای کوڕەکەتە یان نا؟) ٣٣ ئەویش لێی وردبووەوە و وتی:
(کەوای کوڕەکەمە! گیاندارێکی دڕندە خواردوویەتی، یوسفی پارچە پارچە کردووە.) ٣٤ ئیتر یاقوب جلەکانی بەری خۆی دادڕی و
بەرگی ماتەمی بە ناوقەدییەوە پۆشی و ڕۆژانێکی زۆر شیوەنی گێڕا بۆ کوڕەکەی. ٣٥ ئینجا هەموو کوڕەکانی و هەموو کچەکانی
هەستان چوون بۆ لای بۆ دڵدانەوەی، بەڵام ئەو ڕەتی کردەوە دڵی بدرێتەوە و وتی: (بە لاواندنەوە دادەبەزمە لای کوڕەکەم بۆ ناو
(جیهانی مردووان).) ئیتر باوکی دایە پرمەی گریان بۆی.

(پەیدابوون ٣٩) ١ یوسف بەرەوخوار بردرا بۆ میسر. لەوێ پیاوێکی میسری بە ناوی پۆتیفەر کە کاربەدەستی فیرعەون و سەرداری
پاسەوانەکانی بوو، لە ئیسماعیلییەکانی کڕی کە بەرەو میسر هێنا بوویان.

٢ خوداوەند لەگەڵ یوسف بوو، ئیتر پیاوێکی سەرکەوتوو بوو، لە ماڵی گەورە میسرییەکەیدا بوو. ٣ گەورەکەی بینی کە خوداوەندی
لەگەڵدایە و دەست بداتە هەر کارێکیش خوداوەند سەرکەتووی دەکات. ٤ جا یوسف پەسەند بوو لەبەرچاوی و خزمەتی کرد.
پۆتیفەریش کردی بە گەورە لێپرسراوی ماڵەکەی و هەرچییەکی هەبوو دایە دەست ئەم. ٥ ئیتر لەو کاتەوە کە ئەمی کرد بە گەورە
لێپرسراوی ماڵەکەی و هەرچی کە هەیبوو، خوداوەند ماڵی ئەو میسرییەی لەبەر یوسف بەرەکەتدار کرد. بەرەکەتەکەی خودادەندیش
بۆ هەموو ئەو شتانە بوو کە هی پۆتیفەر بوو، چ لەناو ماڵەکەیدا و چ لە دەشتودەردا. ٦ ئیتر هەرچییەکی هەبوو بۆ یوسفی بەجێ
هێشت، ئاگاداری هیچی خۆشی نەبوو تەنها ئەو نانە نەبێت کە دەیخوارد. یوسفیش ڕوخسار جوان و بەژن ڕێک بوو. ٧ دوای
ماوەیەک ژنی گەورەکەی چاوی بڕییە یوسف و پێی وت: (وەرە لەگەڵمدا بنوو.) ٨ ئەویش ڕەتی کردەوە و بە ژنی گەورەکەی وت:
(ئەوەتا گەورەم سەرقاڵی هیچ شتێک نییە کەوا لە ماڵکەیدا هەیە، هەرچییەکیشی هەیە بە منی سپاردووە. ٩ کەسیش لە ماڵەکەدا لە
من گەورەتر نییە. هیچیشی لێقەدەغە نەکردووم تەنها تۆ نەبێت، چونکە تۆ ژنی ئەویت. ئیتر چۆن دەبێت بەدکارییەکی ئاوا گەورە
بکەم و گوناه بەرامبەر بە خودا بکەم؟) ١٠ جا ڕۆژ بە ڕۆژ بە یوسفی دەووتەوە و ئەویش بەقسەی نەکرد، تا لەلایەوە بنووێت و
لەگەڵی بێت.

١١ ئەوە بوو ڕۆژێکیان هاتە ناو ماڵەکەوە بۆ ئەنجامدانی کارەکەی، هیچ کەسێکی ماڵەکەش لە ماڵەوە نەبوو. ١٢ جا لە جبەکەیەوەی
گرتی و وتی: (لەگەڵمدا بنوو!) ئەویش جبەکەی بە دەستی ئەوەوە بەجێ هێشت و ڕایکرد و ڕۆیشتە دەرەوە. ١٣ کە بینی وا جبەکەی
بەدەستی ئەمەوە بەجێ هێشت و ڕایکردە دەرەوە، ١٤ بانگی کەسانی ماڵەکەی کرد و پێی وتن: (سەیر بکەن، پیاوێکی عیبرانی بۆ
هێناوین دەستبازیمان لەگەڵ بکات. بۆم هاتۆتە ژوورەوە تا لەگەڵمدا بنووێت، منیش بە دەنگی بەرز قیژاندم. ١٥ ئیتر کە گوێی لێ بوو
دەنگم هەڵبڕی و قیژاندم، جبەکەی لامەوە بەجێ هێشت و ڕایکرد و ڕۆیشتە دەرەوە.)

١٦ ئینجا جبەکەی ئەوی لای خۆی دانا تاکو گەورەکەی گەڕایەوە ماڵەوە. ١٧ ئیتر هەمان قسەی بۆ ئەو گیڕایەوە و پێی وت:
(خزمەتکارە عیبرانییەکەی تۆ بۆت هێناوین، بۆم هاتە ژوورەوە تا دەستبازیم لەگەڵ بکات. ١٨ بەڵام کە دەنگم هەڵبڕی و قیژاندم،
جبەکەی لامەوە بەجێ هێشت و ڕایکردە دەرەوە.)

[١٩] کە گەورەکەی ئەو قسەیەی ژنەکەی خۆی بیست کە بۆی کرد و پێی وت، (خزمەتکارەکەت ئاوای پێکردم،) تووڕەیی جۆشا. [٢٠] ئینجا گەورەکەی یوسفی هێنا و خستییە زیندانەوە، ئەو شوێنەی زیندانییەکانی پاشای لێبەندکرابوون. ئیتر لەوێ لە زیندان مایەوە. [٢١] بەڵام خوداوەند لەگەڵ یوسفدا بوو، خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی خۆی بەسەردا کێشا و پەسەندی کرد لەبەرچاو کارگێڕی زیندانەکە. [٢٢] ئیتر کارگێڕی زیندانەکە هەموو ئەو زیندانییانەی خستە ژێر دەستی یوسفەوە کە لە زیندانەکەدا بوون، کردیشی بە لێپرسراوی هەر کارێک کە لەوێدا بکرایە. [٢٣] کارگێڕی زیندانەکەش سەیری هیچ شتێکی نەدەکرد کە بە دەست یوسف بووایە، چونکە خوداوەند لەگەڵ یوسفدا بوو، هەر کارێکیشی دەکرد خوداوەند سەری دەخست.

بەم شێوەیە چیرۆکی یوسف، کوڕی یاقوب دەستی پێ کرد. دەتوانین بەم لێدوانە ئەوەی خوێندمانەوە کورت بکەینەوە: یوسف حەزی لە ڕاستودرووستی بوو و ڕقی لە خراپەکاری بوو. پێی باشتر بوو لە زیندان بناڵێنێ نەك خۆشی گوناهی مردوو ئەنجام بدات. لەبەر ئەوە بوو، کاتێ ژنی گەورەکەی داوای لێ کرد ئیشی خراپی لەگەڵ بکات، یوسف ڕەتی کردەوە و پێی ووت، (ئیتر چۆن دەبێت بەدکارییەکی ئاوا گەورە بکەم و گوناه بەرامبەر بە خودا بکەم؟)

یوسف دەیزانی خزمەتی خودا و خزمەتی گوناه پێکەوە ناگونجێن! یوسف دڵی خۆی بە خودا بەخشی بوو. لەبەر ئەوە حەزی لە ڕاستودرووستی بوو و ڕقی لە خراپەکاری بوو. وەك ئیبراهیمی باپیرە گەورەکەی، یوسفیش هەروەها باوەڕی بە بەڵێنەکەی خودا هەبوو سەبارەت بە ڕزگاری دەرەکە کەوا دەهاتە جیهان بۆ ئەوەی بمرێ لەباتی گوناهەکانی نەوەی ئادەم. خودا دادوەری یوسفی کرد وەك ڕاستودرووست لەبەر ئەوەی یوسف باوەڕی بە ووشەی خودا هەبوو. لەبەر باوەڕەکەی، خودا لە گوناهەکانی یوسف خۆش بوو و دڵی پڕ کرد بەحەز و هێز بۆ ئەوەی بەسەر گوناهدا زاڵ بێت و بە ڕاستودرووستی بژێت لە جیهانێکی خراپدا.


خودا لەگەڵ یوسف دا (ڕۆیشت) لەبەر ئەوەی یۆسف لەگەڵ خودا (ڕۆیشت). یوسف نەیدەتوانی خۆشی لە گوناه ببینێ، لەبەر ئەوەی دڵی هی خودا بوو. ئەو کەسەی پڕ بەدڵ باوەڕ بە خودا دەکات و دەیپەرستێ ئەوا ئەو شتەی خۆش دەوێ کە خودا خۆشی دەوێ و ڕقی لەو شتە دەبێتەوە کە خودا ڕقی لێیە. ئەوە ئەوەیە کە نووسراوی پیرۆز ڕایدەگەیێنێ کاتێ دەفەرموێ: کەس ناتوانێت کۆیلایەتی دوو گەورە بکات، چونکە ڕقی لە یەکێکیان دەبێتەوە و ئەوەی دیکەی خۆشدەوێت، یان دەست بە یەکێکیانەوە دەگرێت و ئەوەی دیکە پشتگوێ دەخات. (مەتا ٦: ٢٤) چ هەماهەنگییەک لەنێوان ڕاستودروستی و خراپەدا هەیە؟ یاخود چ هاوبەشییەکە لەنێوان تاریکی و ڕووناکیدا؟ (٢ کۆرنسۆس ٦: ١٤) خودا ڕووناکییە، هیچ تاریکی تێدا نییە. ئەگەر بڵێین هاوبەشیمان لەگەڵیدا هەیە و بە تاریکیدا بڕۆین، ئەوا درۆ دەکەین و ڕاست ناکەین (١ یۆحەنا ١: ٥، ٦)

ئەوانەی بەڕاستی هی خودان باوەڕیان بە ووشەی خودا هەیە و بەگوێی دەکەن. بەڵام ئەوانەی هی خودا نین لەلایەن گوناهەوە کۆنترۆڵ کراون. ڕەنگە ڕووخساری دەرەکی ئاینیان هەبێت، بەڵام گوناه هێشتان بەسەر بیر و نیازی دڵیان ووشە و کردەوەکانیاندا زاڵە. ڕەنگە هەوڵ بدەن بەسەر گوناهدا زاڵ بن، بەڵام ناتوانن، لەبەر ئەوەی گوناه لەوان بەهێزترە. ئەوان لەناو دڵیاندا ئەو هێزە پیرۆزەی ڕۆحی خودایان نییە، ئەوەی کە خودا دەیبەخشێ بەوانەی باوەڕ بە ووشەی دێنن و ڕێگای ڕزگاربوون وەردەگرن کە ئەو دایمەزراندووە.

خوێنەری ئازیز، ئایا خودا دڵتی نوێ کردۆتەوە بەهێزی خۆی؟ مزگێنییە خۆشەکەت پێ گەیشتووە دەربارەی ئەو ڕزگاری دەرەی کە هێزی پاك کردنەوە دڵی تۆی هەیە لە گوناه؟ یان تۆ هێشتا لە ژێر دەسەڵاتی گوناه دەژیی؟ نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: لە خودا نزیک بنەوە، لێتان نزیک دەبێتەوە. دەستتان خاوێن بکەنەوە ئەی گوناهباران، دڵتان پاکبکەنەوە ئەی ڕاڕایەکان... لەبەردەم خوداوەند ڕۆحسووک بن، بەرزتان دەکاتەوە. (یاقوب ٤: ٨–١٠)

لە دیراسەتی داهاتوومانەدا، بەردەوام دەبین لە چیرۆکی یوسف و دەزانین چۆن لە زیندان دەرچوو و گەورە بوو و بووە فەرمان ڕەوای هەموو خاکی میسر.

خودا بە بەرەکەتت بکات وەك سەرنجی ئەم ئایەتەی نووسراوە پیرۆزەکان دەدەیت: خودا ڕووناکییە، هیچ تاریکی تێدا نییە. ئەگەر بڵێین هاوبەشیمان لەگەڵیدا هەیە و بە تاریکیدا بڕۆین، ئەوا درۆ دەکەین و ڕاست ناکەین. (١ یۆحەنا ١: ٥، ٦)



## گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. ناوی هەر دوازدە کوڕەکەی یاقوب دەزانی؟

٢. ئایا خودا دڵتی نوێ کردۆتەوە بە هێزی خۆی؟

٣. مزگێنییە خۆشەکەت پێ گەیشتووە دەربارەی ئەو ڕزگاری دەرەی کە هێزی پاك کردنەوە دڵی تۆی هەیە لە گوناه؟ یان تۆ هێشتا لە ژێر دەسەڵاتی گوناه دەژێی؟

٤. بۆچی خودا کەگەل یوسف دا رۆیشت؟

٥.

ێگای ڕاست و دروستی:

وەرزی خوێندنەوەی کتابی پیرۆز

(٢٠١٦)

Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011

ئەم خوێندنەوە لە {*The Way of Righteousness* by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.

بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای راستودروستی

rrd2011@yahoo.com        www.rrdk.org